# وەقایعی كوردستان

ڕۆژنـامـەی ڕەسمیی هـەرێمی كـوردستـانە - وەزارەتـی داد دەری دەكـات

ژمارە (٣١٤) سالّی بیست وچوار ٢٨ كانونی دووەم ٢٠٢٤زاینیی ٨ ڕێبەندان ٢٧٢٣ كوردی ١٦ ڕەجەب ١٤٤٥ كۆچی

314

**بڕیاری ژمارە (٢٣٣)ی سالّی ٢٠٢٣ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١
تایبەت بە لێخۆشبوون و داشكاندنی لە دانەوەی قەرزی هاوبەشانی كرێی ئاو

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی پلان دانان** ٢
ڕێنمایی هەمواركردنەوەی ڕێنمایی جێبەجێكردنی گرێبەستە گشتیەكان ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠١٦

**ڕێنمایی ژمارە(١)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلاّیەتی** ٦
تایبەت بە نەخۆشخانەی دەروونی (چرا) لە هەرێمی كوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلاّیەتی** ٩
هەمواركردنی سێیەمی ڕێنمایی ڕێژەی كرێكاری بیانی ژمارە (٨)ی سالّی٢٠٢٢

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلاّیەتی** ١٠
ڕێنمایی تایبەت بە تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٢٤ دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە** ١٦
ڕێنمایی سنورداركردنی ئاوی چارەسەركراوی ئاوەڕۆكان و دووبارە بەكارهێنانەوەی

**بڕیاری سالّی ٢٠٢٤ ئەنجومەنی دادوەری** ٢٧

**بەیانی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان** ٢٧

**بەیـانی ژمارە (١٧ و ١٨)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی كشتوكالّ و سەرچاوەكانی ئاو** ٢٨

**بەیانی ژمارە (١ و ٢)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ٢٩

**بەیانی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلاّیەتی** ٣٠

**بەیانی ژمارە (٢٢ – ٢٣ – ٢٤ – ٢٥ – ٢٦ - ٢٧)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلاّیەتی** ٣٠

**بەیانی ژمارە (٦٣)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٣٣

**بەیانی ژمارە (١ – ٢ - ٣)ی سالّی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٣٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - بالّەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

**الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل**

**العدد (٣١٤) السنة رابعة وعشرون ٢٨ كانوني الثاني ٢٠٢٤ م. ٨ ڕێبەندان ٢٧٢٣ ك. ١٦ رجب ١٤٤٥ هـ.**

**314**

*The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice*



**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التخطيط** ٣٤

تعليمات تعديل تعليمات تنفيذ التعاقدات الحكومية رقم (٢) لسنة ٢٠١٦


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|


| | |
|---|---|
| **قرار رقم (٢٣٣) لسنة ٢٠٢٣ رئاسة مجلس الوزراء** | ١ |
| **تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التخطيط** | ٢ |
| **تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٦ |
| **تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٩ |
| **تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ١٠ |
| **تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة هيئة حماية وتحسين البيئة** | ١٦ |
| **قرار لسنة ٢٠٢٤ مجلس القضاء** | ٢٧ |
| **بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الثقافة والشباب** | ٢٧ |
| **بيان رقم (١٧ و ١٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الزراعة و الموارد المائية** | ٢٨ |
| **بيان رقم (١ و ٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة البلديات والسياحة** | ٢٩ |
| **بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٣٠ |
| **بيان رقم (٢٢ – ٢٣ – ٢٤ – ٢٥ – ٢٦ - ٢٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٣٠ |
| **بيان رقم (٦٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ٣٣ |
| **بيان رقم (١ - ٢ - ٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ٣٣ |



No. 314 Date: January 28, 2024 - Vol.: 24



چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٥٥٠٨ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥٠٧ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥١٤ ٢٢٤ ٠٦٦

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٦٧٩٨ لە ٢٠٢٢/١٢/٢٠**

**بڕیاری**
**ژمارە (٢٣٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار بە نووسراویان ژمارە (٧٤٣) لە ٢٠٢٣/١١/٧ ، و نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٥٥٨) لە ٢٠٢٣/١١/٢٨ ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢١) لە ٢٠٢٣/١٢/٦ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دابە:

١- لێخۆشبوون و داشکاندنی ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پانزە لە دانەوەی قەزری هاوبەشانی کرێی ئاو ، بەمەرجێک لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان ) داواکاریی پێشکەش بکەن بۆ سوودمەند بوون لەم بڕیارە.

٢- وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەر دەکات .

٣- وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە دوای بڵابوونەوەی ڕێنمایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی پلان دانان**
**ژمارە: ١٢٠ لە ٢٠٢٤/١/٢٢**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ڕێنمایی هەموارکردنەوەی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان**
**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** ماددەی (١) لە ڕێنماییەکە هەموار دەکرێتەوە و بڕگەیەکی بە ریزبەندی (**١٠**) بۆ زیاد دەکرێت، وە ریزبەندیی بڕگەکانی دوای ئەو ڕێکدەخرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١٠- **بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان:** بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکانە کە لە وەزارەت و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێکدەهێنرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** : **ماددەی (١)** لە ڕێنماییەکە هەموار دەکرێتەوە و بڕگەیەکی بە ریزبەندی (**٢٦**) بۆ زیاد دەکرێت، وە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٢٦- **کەمکردنەوەی لێکچوو:** (کڕینی هاوبەش joint procurement)، کڕینی کاڵا یان خزمەتگوزاری هاوشێوەیە کە داواکراوە لەلایەن ژمارەیەک لە بەڕێوبەرایەتیە گشتیە جیاوازەکان لە دەسەڵاتێکی گرێبەستکردن یان لە چەند لایەنێکی جیاواز لەناو حکومەتدا داوای دەکەن.

**ماددەی (٢):**

**ماددەی (٤)** لە ڕێنماییەکە هەموار دەکرێتەوە و سێ بڕگەی بۆ زیاد دەکرێ کە ڕیزبەندیەکەیان دەبێتە (**پێنجەم**) و (**شەشەم**) و (**حەفتەم**)، وە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**پێنجەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە هەر وەزارەتێک یان لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت پلانی پێشوەختە ئامادە بکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و کاڵا و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کار، وە هەر سێ مانگ جارێک ڕەوانەی بکەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکانی وەزارەتەکەی یان بەشی گرێبەستکردن لە لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت.

**شەشەم:**

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان دەتوانێت ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

أ- ئەنجامدانی کەمکردنەوەکانی لێکچوو (joint procurement - کڕینی هاوبەش) بەیەك پاکێج و ئەنجامدانی پرۆسەی گرێبەستکردن لەبڕی دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن.

ب- دیاریکردنی شێوازی گرێبەستکردن بۆ دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**حەوتەم**: پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرایەتی گرێبە ستە گشتیەکان لە وەزارەتەکان ، ئەگەر داوایان لێکرا، ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە پرۆسەی گرێبەستکردن بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزبکەنەوە. ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێویست بە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان دەدات سەبارەت بە ئاراستەکردنیان بۆ ئەنجامدانی کەمکردنەوە لێکچووەکان ( Joint Procurement - کڕینی هاوبەش). ڕێکارەکانی ئەنجامدانی گرێبەستکردن بۆ کەمکردنەوە لێکچووەکان یان لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران جێبەجێ دەکرێ یان ڕەوانەی ئەو یەکەیە دەکرێت کە زۆرترین خەرجی لە بواری گرێبەستکردن هەیە.

**ماددەی (٣):**

**ماددەی (٢٠)** لە ڕێنماییەکە هەموار دەکرێتەوە و دوو بڕگەی بۆ زیاد دەکرێت کە ڕیزبەندییەکە یان دەبێتە (**چوارەم**) و (**پێنجەم**)، وە بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:

**چوارەم**: ئەو کەمکردنەوانەی کە گوژمەی خەمڵێنراویان لە (١٠٠٠٠٠٠٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاترە، دەبێت شێوازی گرێبەستکردنەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکانی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە دیاری بکرێت، جگە لەوانەی کە بە شێوازی کەمکردنەوەی کراوە جێبەجێ دەکرێن.

**پێنجەم**: لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ خەرجکردن لە ڕێگەی سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (**KFMS**)، پێویستە لەسەر یەکەکانی ژمێریاری ڕاوێژ بە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکانی پەیوەندیدار بکەن بە مەبەستی دیاریکردنی شێوازی گرێبە ستکردن بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٤):**

**ماددەی ( ٦٧)** لەم ڕێنماییە هەمواردەکرێتەوە، وە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:**

أ- لە هەر وەزارەتێک و پارێزگایەک و ئیدارەیەکی سەربەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان دادەمەزرێت.

ب- لە هەریەک لە دەسەڵاتەکانی تری گرێبەستکردن، وە بەپێی پێویستییان، بەشێک بۆ گرێبەستە گشتیەکان دادەمەزرێت.

ج-پێویستە لەسەر دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن فەرمانبەری شارەزا و پسپۆڕ و ڕاهێنراو بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە یان ئەو بە شانە دابین بکەن بەپێی حوکمەکانی بڕگەی ( شە شەم) لە ماددەی (٧٠) لەم ڕێنماییە.

د- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان لە وەزارەتی پلاندانان دەتوانێت دەسەڵاتی گرێبەستکردن ببەخشێت لە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکان یان بەشەکان کە لە هەردوو بڕگەی لاوەکی (أ) و (ب)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە، کاتێ پێویستیان پێی نییە.

**دووەم:** ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی گرێبەستە گشتیەکان:

أ- پێویستە لەسەر دەزگاکانی گرێبەستە گشتیەکان لە هەردوو بڕگەی لاوەکی (أ) و (ب) لە بڕگەی (یەکەم) لەم ماددەیە، گرێبەستەکانیان لە ماوەی مانگێک لە رێکەوتی واژووکردنیانەوە لەسەر یەکەی گرێبەستەکان (Contracts Module) لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) داخڵ بکەن.

ب- بەڕێوەبەرایەتی گرێبە ستە گشتیەکان هەڵدە ستێت بە یەکخستنی چالاکییەکانی گرێبە ستکردن لە وەزارەت یان لە پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان، ئەگەر بە گونجاوی بزانێت.

ج- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کەمکردنەوە لێکچووەکان (joint procurement - کڕینی هاوبەش) لە وەزارەت یان پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان لە بڕی هەر دەسەڵاتێکی دیکەی گرێبەستەکردن. ئەم کارەش هەریەک لە کۆکردنەوە و یەکخستنی مواسەفاتەکان و داڕشتنی بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە و رێکارەکانی گرێبەستکردن دەگرێتەوە لەگەڵ بەڕێوەبردنی پرۆسەی گرێبەستکردن.

د- پاڵپشتیکردنی لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان بە خزمەتگوزارییەکانی سکرتاریەتی پێویست، لە نێوانیشیاندا بەدەستهێنانی شارەزایی تەکنیکیی پێویست کاتێک ئەم پێویستیە لە هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان دێتە ئاراوە.

**ماددەی** (٥)**: ماددەی ( ٧١)** لەم رێنماییە هەمواردەکرێتەوە، وە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بۆ مسۆگەرکردنی رەخساندنی پێداچوونەوەی کارگێڕیی سەربەخۆ بۆ سکاڵای پێشکەشکارانی تەندەر بەپێی ماددەی (٦٦) لەم رێنماییە:

**یەکەم:** (ئەنجومەنی پێداچوونەوەی سکاڵاکانی گرێبەستکردن - ئەنجومەنی پێداچوونەوە) لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێکی حکومی کە شارەزایی هەبێت لە بواری گرێبەستکردندا، وە ئەندامێتییەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

أ- دوو فەرمانبەری حکومیی شارەزا لە بواری گرێبەستکردن لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەکرێن، وە یەکێکیان دەبێتە بڕیاردەری ئەنجومەنی پێداچوونەوە؛

ب- نوێنەرێکی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان؛

ج- نوێنەرێکی رێکخراوە ناحکومییەکان کە لەلایەن رێکخراوەکانی تایبەتمەند بە پرسەکانی حوکمڕانی یان دژە گەندەڵی یان گەشەپێدانی بەردەوام کاندید دەکرێت؛

**دووەم:** هەریەک لەو لایەنانەی کە لە بڕگەی لاوەکی (ب) و (ج)ی بڕگەی (یەکەم) لەم ماددەیە باسـکراون، سیقی (٢) دوو کاندید پێشکەش دەکەن.

**سێیەم:** ئەنجومەنی پێداچوونەوە سکرتێرێکی دەبێت کە بەڕێوەبەری گرێبە ستە گشتیەکانی وەزارەتی پلاندانان لە نێو فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتیەکەی کاندیدی دەکات و لەلایەن وەزیری پلاندانانەوە پەسەند دەکرێت.

**چوارەم:** ماوەی سـەرۆ کایەتی و ئە ندامێتی ئەنجومەنی پێداچوونەوە دوو سـاڵە و دەکرێ جارێک نوێبکرێتەوە.

**پێنجەم:** پاداشـتی دارایی دەدرێت بە سـەرۆک و ئەندامان و سـکرتێری ئەنجومەنی پێداچوونەوە کە ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکات.

**ماددەی (٦):** پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٧):** ئەم ڕێنماییە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (٦٠ ڕۆژ) لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**د. دارا رشید محمود**
**وەزیری پلاندانان**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٦٠ لە ٢٠٢٤/١/٣**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٣) لە یاسای تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ، ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ ، و بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠، ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان بۆ هەر سێ نەخۆشخانەی دەروونی لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**تایبەت بە نەخۆشخانەی دەروونی (چرا) لە هەرێمی کوردستان_عێراق**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بەسەر ئەو سێ نەخۆشخانە دەروونییە درێژخایەنەی خانمان لە کەرتی گشتی جێبەجێدەکرێت.

**دووەم:** وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی ئەو سێ نەخۆشخانە دەروونییە درێژخایەنەی خانمان دەکەن.

**ماددەی (٢):**

ئەو سێ نەخۆشخانە دەروونییە بە فەرمی ناوی (نەخۆشخانەی چرا) دەبێت.

**ماددەی (٣):**

نەخۆشخانەی دەروونی بۆ ئەو نەخۆشییە دەروونییە سەختە درێژخایەنانە بەکاردێت کە نەخۆشییەکەیان توندە و پێویستیان بە چارەسەر و شیاندنەوە هەیە، هەروەها ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەرکردنیان قورسە و ئەستەمە کە لە ماڵەوە چارەسەر بکرێن.

**ماددەی (٤):**

ئەو نەخۆشانەی ڕێژەی نەخۆشی دەروونی ٧٠% بێت، دەتوانن لە نەخۆشخانەی دەروونی درێژخایەنی خانمان سوودمەند بن.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** نەخۆش بەم شێوازانەی خوارەوە لە نەخۆشخانە وەردەگیرێت :

أ- خەواندنی نەخۆش تەنها لە ڕێگای لیژنەی پزیشکی دەروونی بەرایی لە بەرێوەبەرایەتی لیژنەی پزیشکی دەبێت .

ب- ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەی دەروونی بە مەبەستی داڵدەدانی تەنها لە ڕێگەی لیژنەی پزیشکی دەروونی بەرایی دەبێت .

ت- دادگاکانی هەرێمی کوردستان پاش سەلماندنی بوونی نەخۆشی دەروونی هاتوو لەماددەی (٤)ی ئەم ڕێنماییە لەرێگەی لێژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە بەرایی بۆیان هەیە کەیس ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی بکەن هەروەها بنکەکانی پۆلیسیش بەهەمان میکانیزم کەیس ڕەوانە دەکەن .

**دووەم:** لە سەرجەم بارەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ، بەڵێننامەی پێویست لە کە سوکاری نەخۆش وەردەگیرێت بۆ ئەوەی دوای چارەسەرکردنی ، نەخۆش وەربگرنەوە .

**ماددەی (٦):**

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کەیسی دەروونی بۆ نەخۆشخانە دەروونییە درێژخایەنەکان دەنێرێت لە ڕێگەی لیژنەی پزیشکی بەرایی.

**ماددەی (٧):**

هەر نەخۆشخانەیەك وەکو بەڕێوەبەرایەتی دەناسرێت کە پزیشکێکی دەروونی بە پلەی بەڕێوەبەر سەرپەرشتی راستەوخۆی دەکات ، بەڕێوەبەر لە لایەن وەزیری تەندروستی دیاری دەکرێت .لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی پارێزگا .

**ماددەی (٨):**

پێکهاتەی کارگێری نەخۆشخانە :

**یەکەم:** نەخۆشخانە لە دوو یەکەی سەرەکی پێکدێت :

أ- یەکەی ڕێنوێنی.

ب- یەکەی چارەسەری.

**دووەم:** سەرجەم ستافی یەکەی چارە سەری لە لایەن وەزارەتی تەندرو ستی دە ستنیشان دەکرێن بەڵام کارمەندانی یەکەی رێنوێنی سەر بە میلاکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەبن و لە لایەن وەزارەتی کار دەستنیشان دەکرێن.

**ماددەی (٩):**

لیژنەیەکی تایبەت لە نەخۆشخانە بە سەرۆکایەتی پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و ئەندامیەتی هەر یەکە لە توێژەرێکی دەروونی و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنرێت، لیژنە بەرپرس دەبێت لە وەرگرتنی نەخۆش و کۆتایی ماوەی مانەوەی نەخۆش و ڕەوانە کردنی کەیس بۆ دووبارە پشکنینەوەی لە لایەن لیژنەی پزیشکی دەروونی بە مەبەستی کۆتایی ماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانە یاخود درێژکردنەوەی .

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** کەیسی دەروونی ماڵەکانی داڵدەدانی خانمانی هەڕەشەلێکراو و چاکسازییەکانی خانمان و خانەی بەساڵاچووان و خانەی منداڵان بە شێوازێکی راستەوخۆ لەکاتی پێویست پاڵپشت بە حوکمەکانی هاتوو لە ماددەی (٤ و ٦ )ی ئەم ڕێنماییە لە نەخۆشخانە وەردەگیرێن بەمەرجێك نەخۆشی دەروونی توند و درێژخایەنی هەبێت.

**دووەم:** مانەوەی کەیسەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لە لایەن لیژنەی تایبەتی نەخۆشخانە بڕیاری لەسەر دەدرێت بەبێ ئەوەی بۆ لیژنەی دەروونی بەرایی بگەڕێتەوە .

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** لە نەخۆشــخانە چەندین خزمەتگوزاری پزیشــکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە لایەن پســپۆڕی تایبەت بەم بوارانە پێشکەش بە نەخۆش دەکرێن لەوانە :

أ- خزمەتگوزاری پزیشکی. (لەبواری دەروونی).

ب- چارەسەری سایکۆلۆجی.

ت- چارەسەری پیشەیی (Occupational Therapy).

ث- پێدانی ڕێنوێنی دەروونی و کۆمەڵایەتی .

ج- دەرمان و پێداویستیەکان

ح- چێشخانە کە لە لایەن ستافێکی تایبەتمەند خواردن پێشکەش بە نەخۆش دەکات .

خ- پاککردنەوەی بەردەوام .

د- لۆندری بۆ شووشتنی جل و بەرگ و پێداویستی نووستن .

ذ- ئارایشگا .

ر- هەر خزمەتگوزاریەکی تر کە نەخۆشخانە بە پێویستی بزانێت .

**دووەم:** بۆ هەر (٥) پێنج نەخۆش چاودێرێك دەستنیشان دەکرێت کە سەرپەرشتی ڕەوشی نەخۆشەکان بکات بەڵام بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا گۆڕانکاری لەژمارەی توێژەر بکات .

**ماددەی (١٢):**

هەردوو وەزارەتی تەندروســتی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری هەماهەنگی پێویست لە ڕووی ئابووری و بودجە و خزمەتگوزرایەکان دەکەن.

**ماددەی (١٣):**

هەڵوەشانەوەوی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢) ی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تایبەت بە نەخۆشخانەی دەروونی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردســتـان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. سامان حسین بەرزنجي**
**وەزیری تەندروستی**

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٩٧٣٩ لە ٢٠٢٣/١٢/٢٤**

پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی (٢٣) لە یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ و لە ژێر رۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەموارکردنی سێیەمی ڕێنمایی ڕێژەی کرێکاری بیانی ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**
هەموارکردنی ناونیشانی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢٢ ، وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( ڕێنمایی ڕێژەی کرێکاری بیانی)

**ماددەی (٢):**
دەقی **ماددەی نۆزدەم** دەگۆردرێت وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :
بۆ ئەو پرۆژانەی کە دەستی کاری خۆماڵی تواناى کارکردنیان نیە تیایدا پاش ئەنجامدانی رێکارەکانی هاتوو لە ماددەی (حەوتەم)ی رێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ :

**یەکەم:** خاوەن پرۆژەکە داوا کاریەک پێشکەش بە لیژنەی تایبەتی وەزارەت دە کات کە پێکدێت لە (بەرێوەبەری کار ، بەرێوەبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بەرێوەبەری راهێنانی پیشەیی ) لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەگەڵ نوێنەری سێکتەری تایبەت بە پرۆژەکە ،

**دووەم:** پاش دیرا سەکردنی داواکاریەکە ، کۆنوس بۆ بەرێوەبەری گشتی کارو دە ستەبەری کۆمەڵایەتی رەوانەی دەکرێت بۆ دیاریکردنی ڕایان .

**سێیەم:** دواتر بەرز دەکرێت بۆ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بڕیاردان لەسەر (رەتکردنەوەی داواکاری خاوەن پرۆژە وەیان پەسەندکردنی بە پێدانی ماوەیەکی دیاری کراو) بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (١٧٢)ی ئەنجومەنی وەزیران .

**ماددەی (٣):**
ئەم رێنماییە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وە قایعی کوردستان) بڵاودەکرێت ، و لە رێکەوتی (٢٠٢٤/١/٢) دەچێتە بواری جێبەجێ کردن .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٣٤ لە ٢٠٢٤/١/٢**

پاڵپشت بەحوکمەکانی هاتوو لە ماددەکانی (١٠٧ و ١٠٨ ) و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(١٥٢) لە یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ ، ئەو رێنماییەمان دەرکرد:

## رێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣

## رێنمایی تایبەت بە تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی

**ماددەی (١):**

مەبەست لەو زاراوە ودەستەواژانەوەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم رێنماییە :

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان_عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی .

**چوارەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی:**بەرێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

**پێنجەم: بەرێوەبەرایەتی** : بەرێوەبەرایەتی کار و بەرێوەبەرایەتی راهێنانی پیشەیی لە هەرێم .

**شەشەم: بەرێوەبەر** : بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کار و بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی راهێنانی پیشەیی لە هەرێم .

**حەوتەم: لیژنەی پشکنینی کار** : لیژنەی پێکهێنراو لە بەرێوەبەرایەتیەکان بەپێی یاسای کار.

**ماددەی (٢):**

ئەو رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەسەر پرۆژەکانی کەرتی تایبەت وتێکەڵاو وهەرەوەزی.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم :** لیژنەی پشکنینی کار هەڵدەستێت بە چەسپاندنی تێبینیەکانی لەسەر ئاستی پێویستیەکانی کارو ئەوەی تایبەتە بە تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لە راپۆرتەکانی سەردانی پشکنین بۆ پرۆژەکان ، ولیژنەی پشکنین بەرپرسە ئەگەر بەئەنقەست وکەمتەرخەمی لە بوونی پێویستیەکانی کار و پشت گوێ خستنی پابەندیان لە جێبەجێ کردنی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە پرۆژەکەدا.

**دووەم :** وەزیر بۆی هەیە ، بڕیاری داخستنی شوێنی کار وەیان راگرتنی کارکردنی ئامێرێك وەیان زیاتر بدات لەسەر راسپاردەی لیژنەی پشکنین ، لەکاتی پابەندنەبوونی خاوەن کار بە جێبەجێکردنی رێنماییەکانی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لەشوێنی کارەکە تا ئەوکاتەی هۆکاری داخستن وەیان راگرتنی لادەچێت ، ئەمەش دوای هۆشداری دانی دووجار بە لابردنی سەرپێچییەکە بەشێوەیەکی فەرمی ، وئەو کرێکارانەی لە کار وەستان بەهۆیەوە ، مافی وەرگرتنی تەواوی مووچەکان هەیە لەماوەی داخستن وراگرتنی کارەکە بەپێی یاسای کار.

**ماددەی (٤): لیژنەی پشکنینی کار هەڵدەستێت بە :**

**یەکەم:** پشکنینی پرۆژەکان وتۆمارکردنی پرۆژەی نوێ .

**دووەم:** رێنۆیی کردنی کرێکار و خاوەنکاری پرۆژەکان بە گرنگی دابینکردنی کەل وپەلی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کار پێش دەست بەکاربوون و بەکارهێنانی لەکاتی کارکردندا .

**سێیەم:** پێوانەکردنی ژینگەیی لە شوێنی کارو دەستنیشانکردنی هەر مەترسییەك کە کاریگەری هەبێت لەسەر تەندروستی کرێکارەکان.

**چوارەم:** دەستنیشانکردنی پێکانی کارو نەخۆشییە پیشەییەکان لە پرۆژەکاندا و رەوانەکردنی کرێکاران بۆ پشکنینی تەندروستی .

**پێنجەم:** تۆمارکردنی سەرجەم سەرپێچییەکان لە (مەرجەکانی کارکردن ورادەی پابەندنەبوونی وکەمتەرخەمی وەیان پشتگوێخستنی) ئەوەی تایبەتە بە تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لە پرۆژەکەدا وهۆشداری کردنی خاوەنکار بەشێوەیەکی فەرمی وئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار.

**شەشەم:** دەکرێ لیژنەکە پەنا ببات بۆ پسپۆران وشارەزایان ، خاوەن توانا زانستیەکان لە پزیشکی ، ئەندازیاری ، کیمیاگەری ، کارەبا و پسپۆرییەکانی تر.

**ماددەی (٥):**

بەرپرسیاریەتی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لە پرۆژەکان بەم شێوەی خوارەوە دیاری دەکرێت :

**یەکەم:** ئەو پرۆژانەی کە ژمارەی کرێکارەکانی لە (٥٠) کرێکار کەمترە و بەرپرساریەتی دەدرێتە یەکێك لە کرێکارە شارەزا و بە تواناکان لەو بوارە ،سەرەرای کارەکەی خۆی بەدواداچوونی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی کرێکارەکان بکات .

**دووەم:** ئەو پرۆژانەی کە ژمارەی کرێکارەکانی لە (٥٠ تاکو ١٠٠) کرێکارە ، بەرپرساریەتیەکە دەدرێتە یەکێك لە کرێکارە شارەزاکان و دەرچووی خولێکی بەهێزکردنی تواناکان بێت لەو بوارە و بەتەواوی ئەرکی بەرپەرسیاریەتیەکەی دەدرێتی وتەرخان دەکرێت بۆ ئەو مەبەستە .

**سێیەم:** ئەو پرۆژانەی کە ژمارەی کرێکارەکانی لە (١٠٠ تاکو ٣٠٠) کرێکارە ، پێویستە:

١- دابین کردنی پزیشکێك بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە پرۆژەکە ، لە (٢) دوو سەعات کەمتر نەبێت لە رۆژێکدا .

٢- لیژنەیەك لە ناو پرۆژەکەدا دروست بکرێت بەناوی (لیژنەی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی پرۆژە)، لەو کەسانەی خوارەوە پێکدێت بە رەچاوکردنی جۆری کۆمەڵایەتی بەپێی توانا:

| | |
|---|---|
| أ- خاوەنکار وەیان نوێنەری | سەرۆکی لیژنە |
| ب- بەرێوەبەری هونەری وتەکنیکی پرۆژەکە | ئەندام |
| ج- پزیشکی پرۆژەکە یان پەرستارێك | ئەندام |
| د- نوێنەری سەندیکای کرێکاران | ئەندام |

هـ- کرێکارێکی پرۆژەکە شارەزا و بە توانا لەو بوارە ئەندام و بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی و بەدواداچوونی بڕیارەکانی لیژنە.

**چوارەم :** ئەو پرۆژانەی کە ژمارەی کرێکارەکانی لە (٣٠٠ تا ٥٠٠) کرێکارە،هەمان لیژنەی پێکهاتوو لە خاڵی (سێیەم)ی ئەو ماددەیە پێکدەهێندرێت ودوو کرێکاری پرۆژەکە کە شارەزا و بە توانا بن لەو بوارە،و بەتەواوی تەرخان دەکرێن وبەرپرسیاریەتی جێبەجێ کردنی و بەدواداچوونی بڕیارەکانی لیژنە دەبن

**پێنجەم:** ئەو پرۆژانەی کە ژمارەی کرێکارەکانی زیاترە لە (٥٠٠) کرێکار ،

**١-** جێبەجێکردنی هەمان ووردەکاری هاتوو لە خاڵی (چوارەم)ی ئەو ماددەیە .

٢- دابین کردنی پزیشکێك بەبەردەوامی لە پرۆژەکە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی ، لە کاتەکانی کارکردندا.

**شەشەم:** ئەرکەکانی کرێکاری بەرپرس ولیژنەی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی پرۆژە ئەمانەن :

**١-** بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لە پرۆژەکە دەکات ولیژنەکە کۆبونەوەی دەوری دەکات بۆ ئەو مەبەستە .

**٢-** ڕێکخستن وتۆمارکردنی و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بەدواداچوونەکان وتێبینیەکان ، وکۆنوسێك لە تۆمارێکی تایبەت بە بابەتەکە هەڵدەگیرێت و خستنە بەردەستی لیژنەکانی بەرێوەبەرایەتی لە کاتی سەردانکردنی پرۆژە .

**٣-** هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات و دانانی پلان وبەرنامە لەپرۆژەکە ، کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت :

أ- دڵنیابوون لەدابینکردنی پێداویستی وکەل وپەلەکانی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی وفریاکەوتنی سەرەتایی وئامێری ئاگرکوژێنەوە لەلایەن خاوەنکارەوە .

ب- دەستنیشانکردن و تۆمارکردن ودیراسەکردنی ڕووداوەکانی پێکانی کار ونەخۆشیە پیشەییەکان وهۆکارەکانیان ودابینکردنی پێداویستیەکان وپلانی کاریگەر بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونی .

ج- بەدواداچوونی بەردەوامی بەشەکانی پرۆژە وجێبەجێ کردنی ڕێنماییەکان .

د- هۆشداری کردنی کرێکاران لەسەر تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی وپێراگەیاندنی تێبینیەکانی لێژنەی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی.

هـ- پێشکەشکردنی بەرنامەی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی بە کارگێری پرۆژە.

و- دانانی ڕێنماییەکانی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لە شوێنێکی دیاری ناو پرۆژەکە .

ز- کردنەوەی خولی تایبەت بە تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی بۆ کرێکارانی پرۆژەکە بە تایبەتی لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێر ومەترسییەکان وڕێگاکانی خۆپاراستن لێیان .

**ماددەی (٦):**

**یەكەم:** بەرپرسی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لەلایەن خاوەنكارەوە لەنێو كرێكارەكان دیاری دەكرێت.

**دووەم:** بەرپرسی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی دەبێت :

١- بەشداری یەكێك لە خولەكانی تایبەت بە تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی كردبێت .

٢- توانای راهێنانی هەبێت بە كرێكارەكان .

٣- توانای پلاندانان وجێبەجێكردنی بەرنامەی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی هەبێت.

٤- شارەزایی هەبێت لە زانیاریە پیشەسازیەكان .

**ماددەی (٧):**

بۆ سەلامەتی وپاراستنی ژیانی كرێكار وژینگە ، پێویستە هەریەك لە خاوەنكار وكرێكار ولیژنەی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی لە پرۆژەكان ، پابەند بن بە جێبەجێكردنی ئەو ئەركانەی خوارەوە :

**یەكەم: ئەركەكانی خاوەن كار :**

١- بەدەستهێنانی پشكنینی دەوری ئایتی وكەل وپەلەكان لەلایەنی پەیوەندیدار.

٢- هەڵواسینی رێنمایی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە شوێنێكی دیار بۆ هەمووان ، وە روونكردنەوەی مافی كرێكارەكان وە ئەو شتانەی كە قەدەغەكراوە بەو شێوەیەی كە دۆخی كاركردن تەندروست و ئارام دەكات .

٣- دابینكردنی شوێنێكی تایبەت بۆ حەوانەوە و نان خواردنی كرێكارە كان كە گشت مەرجە كانی تەندروستی وسەلامەتی لە خۆ بگریت وەك ساردكەرەوە وگەرمكەرەوە .

٤- دابینكردنی ژوورێكی تایبەت بۆ كرێكارەكان كە دۆلابی تیابێ بۆ خۆگۆرین وهەڵگرتنی جل وبەرگیان.

٥- بوونی دەست شۆر وتەواوكەرەكانی لە شوێنی كاركردن بەمەرجێك لەگەڵ ژمارەی كرێكارەكانی پرۆژەكە بگونجێت بە هەردوو رەگەز .

٦- دابینكردنی ئاوی خواردنەوەی پاك و تەندروست .

٧- دابینكردنی گشت كەل وپەلی خۆپارێزی كەسی وفریاگوزاری بەپێی ژمارەی كرێكارەكان

٨- رێكخستن وبەكۆگاكردن وپاراستنی ماددە سەرەتاییەكان وكەل وپەلی دروستكراو، بەشێوەیەكی تەندروست

٩- دابینكردنی پێداویستیەكانی خۆپارێزی لەو ماددە زیانبەخشانەی كشتوكاڵی وئاژەڵیانەی كە زیان بەكرێكارانی ئەو كەرتە دەگەینێت .

١٠-پاراستنی شوێنی كار وپاككردنەوەی بەشێوەیەكی تەندروست ودابینكردنی شوێنێكی تایبەت بە فرێدانی پاشماوە لە دەرەوەی شوێنی كار بە مەرجێك هیچ زیانێك بە ژینگە نەگەینێت .

١١-رووپۆشكردنی هێلەكانی كارەبا وجیاكردنەوەی ئامێرە كارەباییەكان ودانانی پەرژینی تایبەت .

١٢- دابینكردنی كەل وپەلی تایبەت بە خۆپارێزی كە ببێتە هۆی كەمكردنەوەی دەنگی بەرز لە شوێنی كار كە زیاتر نەبێت لە (٨٥ دیسبڵ) .

١٣- دابینكردنی روناكی گونجاو لە شوێنی كار جا سروشتی بێت یان دەستكرد .

١٤- هەڵگرتنی گشت کەل وپەلە مەترسیدارەکان لە شوێنی تایبەت بە شێوەیەکی گونجاو و سەلامەت .
١٥- دابینکردنی چوارچێوەی خۆپارێزی لەو شـوێنە بەرزانەی کە کرێکارەکان کاری تێدا دەکەن بۆ ئەوەی پارێزراو بن لە مەتر سی بەربوونەوە ورووخان وە بوونی پەرژینی جوڵاو بۆ پارێزیان لە پێکانی کار لە کاتی کارکردندا .
١٦- ئەنجامدانی پشکتینی پزیشکی سەرتایی بۆ کرێکارەکان بەر لەدەست پێکردنی کار بۆ ئەوەی ئاستی گونجانی توانا وهێزی کرێکارەکە دەستنیشان بکرێت کە ئایا لەگەڵ جۆری کارەکە دەگونجێت وەیان نا.
١٧- وەرگرتنی رێککارەکانی سـەلامەتی پێویسـت بۆ دابینکردنی پاراسـتنی کرێکارەکان لە بەنزینی ئەرۆماتیکی یان ئەو ماددانەی ئەو جۆرە بەنزینە لە خۆ دەگرن .
١٨- دەبێت بە هەموو شـێوەیەك رێککارەکانی پێویسـت وەربگیرێت بۆ قەدەغەکردن لە بڵاوبوونەوەی بەنزینی ئەرۆماتیکی لە شوێنی کارکردندا .
١٩- پارا ستنی کرێکار لە مادده تیشکدەرەکان (المواد المشعة) بەپێی حوکمەکانی یا سای پارا ستن ژمارە (٩٩) ی ساڵی ١٩٨٠ .
٢٠- دابینکردنی کەشی گونجاو لە لایەنی دەروونی وکۆمەڵایەتی و دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە .
٢١- بەکارهێنانی ئەو کەرەستە خاوانەی کە کەمترین مەترسیان هەیە بەپێی توانا .
٢٢- دابینکردنی ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوە و ئاگرکوژێنەوەی گونجاو لە پرۆژەکە وئەنجامدانی پشکنینی بەردەوام بۆیان بۆ دڵنیابوون لە کارکردنیان لە کاتی پێویست .

**دووەم: ئەرکەکانی کرێکار :**

١- پابەندبوون بە رێنمایی تایبەت بە ئامرازەکانی تەندروسـتی وسـەلامەتی پیشـەیی کە لە یاسـاکاندا هاتووە و لە شـوێنی کاردا هەڵواسـراوە ، هەروەها بەکارهێنانی گشـت ئەو کەل وپەلانەی پێویسـتە لەو بارەیەوە بۆ جۆری کارەکەی.
٢- دوورکەوتن لە هەر کارێك کە دەبێتە هۆی بەکارنەهێنانی یان جێبەجێ نەکردنی رێنمایی تایبەت بە تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی وەیان خراپ بەکارهێنانی کەل وپەلی تایبەت بە کارکردن کە ببێتە هۆی کەوتنی مەترسی تەندروستی لە سەری .
٣- پێراگەیاندنی سەرپەر شتیار وەیان بەرپر سی را ستەوخۆ لە پرۆژە بۆ چاککردن وەیان گۆرینی هەر کەل وپەلێك یان ئامێرێك بەر لە شـکانی یان تێکچوونی بەتەواوی و بەکارنەخسـتنی ، تەنها دوای دڵنیابوون لە دروستی وهەموو شتەکان لە شوێنی خۆیەتی وئامادەیە بۆ کارکردن .
٤- دوورکەوتن لەهەر کردارێك ببێتە تیشـکدان ، و دەسـت بەکارکردن تەنها ئەوکاتەی کە دڵنیان لەوەی گشت ئامرازە خۆپارێزیەکانی بەکارهاتووە .
٥- پابەندبوون بە کاتەکانی پشـکنینی خولی وگشـت ئەو رێنماییانەی دەردەچێت لە لایەن پزیشـکەوە وەیان لایەنە پزیشـکیەکانی تایبەتە بە شـوێنی کار کە پەیوەسـتە بە تەندروسـتی وسـەلامەتی پیشەیی.

٦- نابێت کرێکار بچێتە شــوێنی کار ئەگەر لەژێر کاریگەری مادده هۆشــبەرو کارتێکەرە عەقلیەکان (خوارنەوە کهولییەکان)دا بێت .

٧- پابەندبوونی بەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراوە .

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** ئەوکرێکارانەی لە کارگەکان کاردەکەن ، پێویستە هەر شەش مانگ جارێکێك پشکنینی پزیشکی لە یەکێك لە تاقیگە باوەرپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی ئەنجام بدات .

**دووەم:** خاوەنکار کار ئاسانی و بەدواداچوونی ئەنجامدانی پشکنینەکانی پزیشکی لەکاتی خۆیدا بکات و وێنەیەك لە ئەنجامی پشکنینەکان لە دۆسێیەکی تایبەت بە پشکنینە پزیشکیەکان بپارێزرێت بۆ ئەوەی لەکاتی سەردانییەکانی لایەنی پەیوەندیدارەکان ، بخرێتە بەر دەست .

**سێیەم:** پێویستە لەسەر پزیشك دۆخی نەخۆشیە پیشەییەکان وحالەتە مەترسیدارەکانی کرێکار ، لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکاتەوە .

**چوارەم:** لەو پرۆژانەی کە بوتڵی غاز تیایدا بەکاردێت ، دەبێت ناوی جۆرە غازەکە لەســەر بوتڵەکە بنوسرێت و هەروەها ئامرازی تایبەتی هەبێت بۆ گواستنەوەیان بۆ شوێنی مەبەست ، ونابێت غازی ئۆکسجین نزیك بێت لەو ماددانەی کە زوو گڕ دەگرن .

**پێنجەم:** ســەرجەم ئەوخزمەتگوزاریە وکەل وپەلانەی دابین دەکرێت بۆ تە ندروســتی وســەلامەتی پیشــەیی لە شــوێنی کار بۆ کرێکارەکان بێ بەرامبەرە ، بەبێ ئەوەی هیچ برە پارەیەك لە کرێکارەکە وەربگیرێت وەیان ببڕدرێت لە مووچەکەی لەبەرامبەریدا .

**ماددەی (٩):**

هەموو سزاکان کە لە دەرئەنجانی پابەندنەبوون وەیان سەرپێچی یاساییەکان ئاراستە دەکرێت بەپێی یاسای کاری بەرکار دەبێت .

**ماددەی (١٠):**

لە دەستەبەری وپارێزی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی کرێکاران ورەچاوی سروشتی کرێکارانی ئافرەت وکەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت بکرێت بەمەبەستی پارێزگاریان.

**ماددەی (١١):**

ســەرجەم ڕێنماییەکانی تایبەت بە تەندروســتی وســەلامەتی پیشــەیی بەرکار دەبن بەمەرجێك حوکمەکانی ناکۆك نەبن لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو ڕێنماییە.

**ماددەی (١٢):**

ئەو ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە**

**ژمارە:١٤٦ لە ٢٠٢٤/١/٢٢**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) و (یازدەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و حوکمەکانی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی سنوردارکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم زاراوانەی هاتووە واتاکانیان بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان – عێراق.

٢- **دەستە:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم.

٣- **ئاوی ئاوەڕۆ:** بریتییە لە پا شماوەی ئاوی ماڵان و شوێنی بازرگانی و میری بە هەردوو جۆری ( سوک و قورس) و پاشماوەی ئاوی پیشەسازی و کشتوکاڵی.

٤- **پاشماوەی ئاوی چارەسەرکراو:** بریتییە لەئاوی دەرچوو لە وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ لە دوای چارەسەرکردنی بە ڕێگایەکی زانستی بەپێی ستاندارده پێوانەییەکانی جۆری ئاوی ئاوەڕۆ چارەسەرکراوەکان، بۆ مەبەستی ئاودانی کشتوکاڵی و یاخود بەکارهێنانی بۆ سیستەمی ساردکردنەوە لە کارگەکان یان بۆ شۆشتن (شتن).

٥- **وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ:** بریتیین لەوێستگە ناوەندییەکانی چارەسەرکردن لە شارەکانداو، یەکەکانی چارەسەرکردنی چالاکییە پیشەسازییەکان و نیشتەجێی و بازرگانی و تەندروستی و کشتوکاڵی و چالاکیەکانی دیکە.

٦- **ستاندارده‌کان:** بریتییە لە ڕێژە ڕێگەپێدراوەکانی پارامیتەرەکان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجی پاشماوەی ئاوی چارەسەرکراو.

٧- **سیفاتەکان:** بریتین لەسیفەتە سروشتی و کیمیایی و زیندەییەکانی ئاوی چارەسەرکراو.

٨- **چارەسەری پێش سەرەتایی:** لەم قۆناغی چارەسەرییەدا ڕێگری دەکات لە هاتنەناوەی هەموو پاشماوە ڕەقەکان بۆ قۆناغی سەرەتایی.

٩- **چارەسەری سەرەتایی:** قۆناغێکە تێیدا پاشماوەی ئاوەڕۆ چارەسەر دەکرێت بەڕێگەی سروشتی وەک نیشتنی پاشماوە ڕەقەکان و بەسەر ئاو کەوتنی چەورییەکان.

١٠- **چارەســەری دووانەیی (چارەســەری بایۆلۆجی):** قۆناغێکە لە چارەســەر دەکرێت لە ڕێگەی چارە سەری تەواوبووی بایۆلۆجییەوە بەپرۆ سەی نیشاندن و پاککردنەوە و شیکردنەوە پێی بگەین، بە جۆرێك ئەو ئاوەی لێی بەرهەم هاتووە بەپێی ســتانداردەکانی ئاوەڕۆ دەبێت، وەك ئەوەی کە لە خشــتەی ژمارە (١) دا هاتووەو، بەکاریش دەهێنرێت بۆ ئاودانی ســنووردار (ئاودانی ئەو ڕووەکانەی بەرهەمیان نیە).

١١- **چارەســەری پێشــکەوتوو:** قۆناغێکە لەچارەســەر کە دەکرێت لەڕێگەی چارەســەری تەواوبووی بایۆڵۆجی و کیمیایی و فیزیاییەوە بەپرۆ سەی نیشاندن و شیکردنەوەو پاککردنەوە پێی بگەین، یان هەر پرۆســەیەکی دیکە، بە جۆرێك ئەو ئاوەی لێی بەرهەم هاتووە بەپێی ســتانداردەکانی ئاوەڕۆ دەبێت، وەك ئەوەی کە لە خ شتەی ژمارە (٢) دا هاتووەو، بەکاریش دەهێنرێت بۆ ئاودانی بێ سنوور (ئەو سەوزەو میوانەی ڕاستەوخۆ دەخورێن).

١٢- **چارەســەرکردنی قوڕو لیتەی ماوە (ســلەج):** چارەســەرکردنی ئەو قوڕو لیتەی (ســلەج)ەیە کە دەمێنێتەوە لە وێستگەکان بە ڕێگەیەکی زانستی تاکو دووبارە سوودی لێ وەرگیرێت، وەکو پەینی ئۆرگانی بۆ زەویە کشتوکاڵییەکان و ڕووبەرە سەوزاییەکانی پرۆژەکان.

١٣- **خاڵی وەرگرتن:** دەرچەی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆیە کە دەگاتە لایەنی سوودمەند لێی.

١٤- **کۆکردنەوەی پاشــماوەی ئاوی چارەســەرکراو:** پێویســتە ئاوی چارەســەرکراو لە خەزانێکی کۆنکریتیی یان هەرجۆرە خەزانێکی تر کۆبکرێتەوە پاشان بەمەبەستی جۆراو جۆر بەکار بهێنریتەوە

**تێبینی :** ئەم قۆناغانەی باسکراون هەمووی بۆ ئاوی ماڵان و شوێنە بازرگانیەکان (دۆمێستیک)ە، بەڵام بۆئاوی پیشە سازی ڕێگەی تری هەیە پێش ئەوەی داخلی ئەم سیستەمە بێت وەکو دانانی سیستەمی (داف) بۆ جیاکردنەوەی پاشماوەی ڕۆن و چەوری لە پاشماوەی ئاویەکان یاخود دانانی سیستەمی (دی و تەرینگ) بۆ گرتنی هەموو پاشــماوەی ڕەق وەکو پەلکی پەتاتە و نیشــاســتە کە لە کارگەی چیپــی پەتاتە دروست دەبن یان هەر پاشماوەیەکی تری هاوشێوەی ئەم پاشماوانە.

١٥- **ڕێگا نوێیەکانی ئاودان:** بریتییە لەو ڕێیە بەکارهاتووانەی ئاودانی کشــتوکاڵ کە بەشــێوەیەکی سەرەکی هەوڵ دەدات خۆ بەدوور بگرێت لەو ڕێگە کۆنانەی دەبنە هۆی بەفیرۆدانی ئاو.

١٦- **ئاودێریی ئازاد :** بریتییە لە ئاودانی هەموو جۆرەکانی ڕووەك و چیمەن و فریزێک.

١٧- **ئاودێریی ســنووردار:** بریتیيە لە ئاودانی هەموو جۆرە کانی ڕووەك جگە لەســەوزەو میوەو بەروبوومە ریشــاڵییەکان و ئەو گیاو ڕووەکانەی کەبەرهەمەکانیان بەر ئاوە چارەســەرکراوەکە دەکەوێت، جا ئەگەر بە کاڵیی یان بەکوڵاوی یان بە ڕێگەیەکی دیکە بخورێن.

١٨- **تۆڕی دا بەشــکردنی ئاوی چارەســەرکراوی ئاودێری:** بۆڕی یان کە ناڵی دا بەشــکردنی ئاوی چارەسـەرکراوی ئاوەڕۆکانە بۆ ئاودێری کشـتوکاڵی یاخود بۆ سـیسـتەمی ساردکردنەوە یان شـۆشـتن (شتن).

١٩- **چێنراوەکانی شــارەوانی:** بریتین لە دار و درەخت و شــوێنی ســەوزایی کە لە شــەقام و باخچە و شوێنی کات بەسەربردن و ڕێگا سەرەکییەکان دەچێنرێن.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان:**

**یەکەم:** قەدەغەکردنی بەکارهینانی ئاوی ئاوەڕۆ بۆ هەر مەبەستێك بەبێ چارەسەرکردنی.

**دووەم:** دانانی ستاندارد بۆ بەدیهێنانی ئاستێکی سەلامەت لە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆ.

**سێیەم:** پاراستنی تەندروستی لە کاریگەرە زیانبەخشەکانی پیسبوون بە ئاوی ئاوەڕۆکان.

**چوارەم:** ئەوپەڕی سوود وەرگرتن لە ئاوی چارەسەرکراو وەك یەکێك لەسەرچاوە نوێیەکانی ئاو.

**پێنجەم:** چاودێریکردنی وێســتگەکانی چارەســەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ و جۆری ئاوی چارەســەرکراوی ئەو ئاوانەی لێی بەرهەم هاتووە.

**شــەشــەم:** زامنکردنی بەڕێوەبردنێکی را ست و درو ستی ئاو و،چارە سەرکردنی کەم ئاویی و کەمکردنەوە بەفیرۆدانی ئاو.

**ماددەی (٣):**

دەبێت ئەم مەرجانەی لای خوارەوە ڕەچاو بکرێن لە کاتی بەکارهێنانی ئاوی چارەســەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ ئاودێری کشتوکاڵ:

**یەکەم:** ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەو شێوەیەی کە زامنی تەندروستی گشتی بکات بە مەبەستی دیارکردنی بڕی ئاوی چارەسەرکراوی بەکارهێنراو.

**دووەم:** ڕەزامەندی وەزارەتی کشــتوکاڵ و ســەرچاوە ئاویەکان بۆ دیارکردنی جۆری چێنراوەکان و ریگە نوێیەکانی ئاودێری و ئەو بەروبوومانەی کە دەویســترێت لە داهاتوودا بچێنرێن لەنێو ئەو باخانەی کە لەڕێگەی تۆڕی دابەشــکردن ســوود لە ئاوی چارەســەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ ئاودێری کشــتوکاڵ وەردەگرن، هەروەها وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنەکانی دیکەش کە بەپێی یاســا دیاری کراون، بە جۆرێک زامنی بە دیهێنانی ئاستێکی سەلامەت بکات لە بەکارهێنانی ئەو ئاوەدا.

**ســێیەم :** پێویســتە ئەو ئاوی چارەســەرکراوی ئاوەڕۆیەی کە بۆ ئاودێری کشــتوکاڵ بەکاردەهێنرێت وەك یەك بێت لەگەڵ ئەو ســتانداردە پێوانەییانەی کە لە هەردوو خشــتەی (١) و (٢)ی پاشــکۆی ئەم ڕێنماییەدا هاتوون، بەڵام ئەگەر ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو بۆ ئاودێری کشتوکاڵی بەکارنەهێنرا، لە خشتەی (٣) دابنرێت بۆ پرۆژەکان کە پێویستی بە یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆیەو (واقع حال)ن و بۆ ئاودێری بەکاری ناهێننەوە لەبەر ئەوەی هیچ شــوێنێکی نیە بۆ ســەوزایی و ئاودێری، دەکرێت ئەم ئاوە چارەسەرکراوە بەم ستاندارد و پێوەری خشتەی (٣ ) تێکەڵ بکرێت بە سەرچاوە ئاوییەکان یان ئاوەڕۆی گشتی یان هەر شوێنێکی دیکە.

**چوارەم:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی شیکارییەکان بۆ تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییەکانی گڵ و خاکی ئەو کێڵگانەی کە سوودمەند دەبن لە بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ، ئەویش لە تاقیگەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو یان دەستەی ژینگە یان یەکێك لەو تاقیگانەی پشتیان پێدەبەستێت، بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندنی شوێنەوارەکانی بەکارهێنانی ئەم ئاوە لەسەر خاك.

**پێنجەم:** لە نێو کێڵگەکاندا گەیاندن و بەستنەوەی بۆڕییەکانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بە بۆڕییەکانی تۆڕی بیرەکانەوە قەدەغەیە.

**شەشەم:** کردنەوەی خاڵی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ کێڵگەکان قەدەغەیە، تەنها لە ڕێی ئەو کەسانە نەبێت کە لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە ڕێیان پێدراوە.

**حەوتەم:** پێویستە لەسەر کەس و لایەنی سوودمەند لەئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ ڕێگرتن لەدروستبوونی زۆنگاو و کۆمەڵێک ڕێکار بگرێتە بەر، ڕێگرتنیش لەزۆربوونی مێش و مێشوولەو و زیندەوەرەکانی دیکە بە دروستکردنی حەوزێکی کۆنکریتی سەر داپۆشراو یان هەر جۆرە خەزانێکی تر کۆبکرێتەوە پاشان بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکار بهێنرێتەوە.

**هەشتەم:** پێویستە لە هەر سیستەمێکی ئاودێری و گشت ئەو تۆڕانەی کە ئاوی چارە سەرکراوی ئاوەڕۆ بەکاردەهێنن و دەیگوازنەوە، تابلۆی جێگیر لەو شوێنانەدا دابنێن کە لایەنی پەیوەندیدار بۆیان دیار دەکات، دەبێ لەسەریان نووسرابێت *ئاگاداری* ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ تەنها بۆ ئاودانی کشتوکاڵی و سیستەمی ساردکردنەوەی کارگەکان و شۆرینە (شتن).

**نۆیەم:** پێویستە ئەو کێڵگە کشتوکاڵییانەی کە بە ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ ئاو دەدرێن جیاکرابنەوە لەبیرو کۆگاکانی ئاوی خواردنەوەی گشتی، بەدوورییەك کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دیاری دەکات بەپێی سروشتی خاکەکە.

**دەیەم:** نابێت ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بەکاربهێنرێت بۆ زیادکردنی ئاوی ژێر زەوی بەکارهێنراو بۆ خواردنەوە، (بەڵام ئەگەر سیستەمەکە بە هەموو قۆناغەکاندا بڕوات، واتە پێشکەوتوو (Advance)، ئاوەکە زۆر سەلامەتە بگرە لە کوالیتی ئاوی ڕووبارەکان زۆر بەرزترە کە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ ئاوی خواردنەوە پاش چارەسەرکردن).

**یازدەیەم:** دوای ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەپێی ستانداردە ڕێگەپێدراوەکان تێکەڵکردنی ئاوی چارەسەرکراو لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی وەک ڕووبارو چەمەکان دەبێت.

**دوازدەیەم:** لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ دەبێ گشت ڕێکارە پێویستەکان وەربگیرێت، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێداویستییەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی وەك پێڵاوی لاستیك و دەستکێش و ئەوانی دیکە.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** لەکاتی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ ئاودێری کشتوکاڵی، بۆ ئاودانی ئەو ڕووەکانەی کە جۆرێکی باڵاتری لە ستانداردی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆی پێویستە، وەك لەخشتەی (١)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا باسکراوە، لەو کاتەدا پێویستە بەکارهێنەر یەکەی چارەسەری تایبەت دابنێت (چارەسەری پێشکەوتوو) بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

أ- وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دەستەی ژینگە و ئەو لایەنانەی دیکە کە بەپێی یاسا پێویستە ڕەزامەند بن.

ب- وەك یەك بوونی جۆری ئاوی بەرهەمهێنراو لەگەڵ ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ کە لەخشتەی ژمارە(١)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا ئاماژەی پێکراوە.

**دووەم:** پێویستە لەلایەن تاقیگەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دەستەی ژینگە چەند نموونەیەك لە ئاوی دەستکەوتوو لە یەکەکە وەربگیرێ و شیبکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەك یەکبوونیان لەگەڵ ستانداردەکانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ وەك لەخشتەی ژمارە(٢)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا باسکراوە.

**ماددەی (٥):**

وێڕای پابەندبوون بە دەسەڵاتی چاودێری دەستەی ژینگە بۆ ڕێگریکردن یان سنووردارکردن یان کەمکردنەوەی ڕوودانی هەر پیسبوونێک:

**یەکەم:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆی هەیە بەدواداچوون و پشکنین(کشف) بکات بۆ ئەو خاك و بەرهەم و بەروبوومانەی کە بە ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو ئاودێری کراون.

**دووەم:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆی هەیە پشکنین بکات بۆ هەر بۆرییەکی سەر زەوی یان ژێر خاك نراو ئەگەر گومانی لەسەرپێچیکردنی بەکارهێنەر هەبوو بۆ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** بۆ چاودێرانی ڕێگەپێدراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دەستەی ژینگە هەیە بچنە نێو ئەو باخ و کێڵگانەی کەسوودمەندن لە ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو، خاوەنی باخ و کێڵگەکان یان ئەوانەی لە جێگەی ئەوانن بۆیان نییە ڕێگری لە چاودێرەکان بکەن.

**ماددەی ( ٦): حوکمە کۆتاییەکان:**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لەسەر ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو و بەرهەمهاتوو لەوێستگەو یەکەکانی چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ و دووبارە بەکارهێنانەوەی.

**دووەم:** یەکە تایبەتەکان بەچارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ دادەخرێن لەکاتی وەك یەك نەبوونی ئاوی دەرهاتوو لەگەڵ ستانداردەکانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ، وەك لەم ڕێنماییەدا باسکراوەو، بەرووبومەکانیش لەنێو دەبرێن ئەگەر هەبوون، لەلایەن یەکەی کارگێڕی سنورەکە.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە شـیاوی هەموارکردن و نوێکردنەوە و کەمکردنەوە دەبێت بەپێی دەقەکانی ڕێکەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پێداویستییە ژینگەییەکان لەداهاتوودا.

**ماددەی (٨):**

هەر سێ (٣،٢،١) لە خشتەی ستانداردەکانی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە بەشێک دەبن لەو ڕێنمایە.

**ماددەی ( ٩ ):**

١- بە هۆی ئەوەی هەندێ پرۆژەی پیشـەسـازی بڕی (COD)یان بەرزە و چارەسـەرکردنیان قورسـەو ئەسـتەمە بگاتە (١٠٠ ملگم \ لیتر ) بۆیە پێویسـتە کار بەخشـتەی (٣) (ب) بکرێت، کە بۆ ( COD)ی زیاتر لە (10000 ملگم \ لیتر) ئەوە تا (1000 ملگم \لیتر) ڕێگە پێدراوە، هەروەها بۆ هەر ( 5000 ملگم \ لیتر) زیاتر ئەوە بڕی (COD) (500 ملگم \لیتر) زیاتر ڕێگە پێدراوە، سـەبارەت بە پارامیتەری (BOD5) ئەوە نیوەی (COD) ی بۆ ئەژمار بکرێت.

٢- سەبارەت بەو پرۆژە پیشەسازییانەی کە چارەسەرکردنی پاشماوەی ئاوی ئاوەڕۆی شلی پیشەسازی قورسـە بە هۆی بەرزی بڕی (COD)، ئەوە دەسـەڵات دەدرێت بە فەرمانگەکان بۆ بڕیاردان لە دانان یاخود دانەنانی یەکەی چارەسـەری ئاوەڕۆی پیشـەسـازی لە ڕێی لیژنەیەکی پسـپۆڕ ، لە پاش تاقیکردنەوەی هەموو ئەگەرەکان و ئەو تەنکەلۆژیایانەی کە بەردەستن بە مەبەستی چارەسەرکردن.

**ماددەی ( ١٠ ):**

سـەبارەت بە دانانی یەکەی چارەسـەری ئاوەڕۆ بۆ پرۆژەکان دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١- هەر پرۆژەیەک کە (٣) جار ئاوەکەی لە تێست (پشکنینی تاقیگەیی) دەرنەچێت، ئەوە ماوەیەکی بۆ دابنرێت بۆ گۆڕینی سیستەمەکەی بە سیستەمێکی پێشکەوتوو کە لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت.

٢- بۆ دانانی یەکەی چارەسـەری ئاوەڕۆ، دەبێت ماوەیەک دابنرێت بۆ خاوەن پرۆژەکە، بەپێی جۆری پرۆژەکەی و لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ کە لە ( ٦ ) مانگ زیاتر نەبێت.

٣- خاوەن پرۆژە دەتوانێت ماوەی زیاتر داوا بکات بۆ دانانی یەکەکەی ئەگەر هاتوو کاتی زیاتری پێویسـت بوو بە تایبەت پرۆژە پیشـەسـازیەکان، پێویسـتە خاوەن پرۆژە بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو پێشـکەش بە لیژنە یان فەرمانگە بکات کە ڕێکارەکانی دانانی یەکەکەی دەستپێکردووە و پێویسـتی بەماوەی زیاترە بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بگیرێتە بەر.

٤- خاوەن پرۆژە بۆ دانانی یەکەکە دەسـتکراوە دەبێت لەگەڵ چ کۆمپانیایەک گرێبەسـت دەکات، بەمەرجێک دوای دانانی یەکەکە دەبێت پشـکنین بۆ ئاوە چارەسـەرکراوەکە بکات و لەپشـکنینی تاقیگەیی سەر بە فەرمانگەکانی ژینگەی دەربچێت.

**ماددەی (١١):**

ڕێنمایی سنووردارکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی ژمارە (٣)ی ٢٠٢٣ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٢):**

کار بەهیچ ڕێنماییەکی دیکە ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت.

**ماددەی (١٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صديق**
**سەرۆکی دەستە**

**خشتەی ژمارە ( ١ )**

ستانداردەکانی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراوی دووانەیی و بەکارهێنراو بۆ ئاودێری کشتوکاڵی:

| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر |
|---|---|---|
| تایبەتمەندییە سروشتیەکان کیمیایی و فیزیایی | سەرئاوکەوتووەکان | خاڵی بێت |
| | ماددەرەقە هەڵواسراوەکانTSS | 40 |
| | خویە تواوەکان TDS | 2500 |
| | ئۆکسجینی تواوە DO | 5زیاتر لە |
| | پلەی گەرمی Temperature | کەمتر لە ٣٥پلەی سەدی |
| | بۆن | قبوڵکراو بێت |
| | ڕەنگ Color | یەکەی ڕەنگ10 |
| | PH | 8 – 6.4 |
| | کلۆراید | 250 |
| | گۆگردات $SO_4$ | 400 |
| | فۆسفات$PO_4$ | 25 |
| | سۆدیۆم Na | 250 |
| | کالسیۆم Ca | 450 |
| | مەگنیسیۆمMg | 80 |
| | پۆتاسیۆمk | 100 |
| | SAR | 9 -6 |
| تایبەتمەندی کیمیایی ئۆرگانی | بایۆ ئۆکسجینی بەکاربراو$BOD_5$ | 40کەمتر لە |
| | پێویستی ئۆکسجینی کیمیایی COD | 100 کەمتر لە |
| | لێلیی Turbidity | یەکەی لێڵبوون25 |
| | ڕۆن و چەوری OIL and grease | 5 |
| | فینۆڵphenol | 0.002 |

| تایبەتمەندی میکرۆبی | ژمارەی کۆلیفۆرمەکانی پیسایی | 1000خانە /100مللتر |
|---|---|---|
| تایبەتمەندی پێکهاتە کیمیایەکان تایبەتمەندی کیمیایی | نیترات$NO_3$ | 50 |
| | ئەمۆنیا $NH_3$ | 5 |
| | ئەلەمنیۆم Al | 5 |
| | ئارسنیک AS | 0.1 |
| | بیریلیۆم Be | 0.1 |
| | بۆرۆن B | 0.75 |
| | کادمیۆم Cd | 0.01 |
| | کلۆری ئازاد$CL_2$ | 0.5(+) |
| | کرۆم Cr | 0.1 |
| | کۆبالتCo | 0.05 |
| | مسCu | 0.2 |
| | فلۆرایدF | 1 |
| | ئاسنFe | 5.0 |
| | قورقوشمPb | 0.1 |
| | لیثیۆم Li | 2.5 |
| | مەنگەنیز Mn | 0.2 |
| | جیوە Hg | 0.001 |

| زۆرترین ئاستی پیسبوونی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو ( دووانەیی) | | |
|---|---|---|
| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر |
| | مۆلیبیدیۆم Mo | 0.01 |
| | نیکل Ni | 0.2 |
| | سیلینیۆم Se | 0.02 |
| | ڤانادیۆم V | 0.1 |
| | زینک Zn | 2.0 |

پێویستە تێکرای مانگانەی ئۆکسجینی بەکاربراو ( $BOD_5$) و خەستی ماددە ڕەقە هەڵواسراوەکان لە ( ٤٠ مللی گرام / لتر) زیاتر نەبێت و ,ژمارەی کۆلیفۆرمەکانی پیسایی لە ( ١٠٠٠ خانە / ١٠٠ مللی لتر ), بەبێ ئەوەی کاریگەری لە سەر بنەماکانی دیزاینکردنی وێستگەکانی چارەسەرکردن هەبێت, بە جۆریک تێپەر نەکات لە رادە دیاریکراوەکانی نێو خشتەکە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

ستانداردەکانی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراوی سیانی و بەکارهێنراو بۆ ئاودێری کشتوکاڵی:

| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر |
|---|---|---|
| تایبەتمەندییە سروشتیەکان کیمیایی و فیزیاوی | سەرئاوکەوتووەکان | خاڵی بێت |
| | ماددەرەقە هەڵواسراوەکان TSS | (10أ) |
| | خویە تواوەکان TDS | 2500 |
| | ئۆکسجینی تواوە DO | 5زیاتر لە |
| | پلەی گەرمی Temperature | کەمتر لە ٣٥پلەی سەدی |
| | بۆن | قبوڵکراو بێت |
| | رەنگ | یەکەی ڕەنگ 10 |
| | PH | 8 – 6.4 |
| | کلۆریدات | 250 |
| | گۆگردات $SO_4$ | 400 |
| | فۆسفات$PO_4$ | 12 |
| | سۆدیۆم Na | 230 |
| | کالسیۆم Ca | 400 |
| | مەگنیسیۆمMg | 60 |
| | پۆتاسیۆمk | 20 |
| | SAR | 6 ≥ |
| تایبەتمەندی کیمیایی ئۆرگانی | بایۆ ئۆکسجینی بەکاربراو$BOD_5$ | (أ)10کەمتر لە |
| | پێویستی ئۆکسجینی کیمیایی COD | 40 کەمتر لە |
| | لێلیی Turbidity | یەکەی لێڵبوون 5 |
| | رۆن و چەوری OIL and grease | 3 |
| | فینۆڵphenol | 0.002 |
| تایبەتمەندی میکرۆبی | ژمارەی کۆلیفۆرمەکانی پیسایی | ٢,٢(ب ) (دانە / ١٠٠ مل) |
| | ژمارەی هێلکەی کرمی ریخۆڵە | 1هێلکەی زیندوو ( دانە / لتر ) |
| تایبەتمەندی پێکهاتە کیمیایەکان | نیترات $NO_3$ | 50 |
| | ئەمۆنیا$NH_3$ | 5 |
| تایبەتمەندی کیمیایی | ئەلەمنیۆم Al | 5 |
| | ئارسنیک AS | 0.1 |
| | بیریلیۆم Be | 0.1 |
| | بۆرۆن B | 0.75 |
| | کادمیۆم Cd | 0.01 |
| | کلۆری ئازاد$CL_2$ | 0.5(+) |
| | کرۆم Cr | 0.1 |
| | کۆبالتCo | 0.05 |
| | مسCu | 0.2 |

| | | |
|---|---|---|
| | فلۆرایدF | 1 |
| | ئاسنFe | 5.0 |
| | قورقوشمPb | 0.1 |
| | لیتیۆم Li | 2.5 |
| | مەنگەنیز Mn | 0.2 |
| | جیوە Hg | 0.001 |

| زۆرترین ئاستی پیسبوونی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو ( دووانەیی) | | |
|---|---|---|
| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر |
| | مۆلیبیدیۆم Mo | 0.01 |
| | نیکل Ni | 0.2 |
| | سیلینیۆم Se | 0.02 |
| | ڤانادیۆم V | 0.1 |
| | زینک Zn | 2.0 |

( أ- ١ ) تێکرای مانگانە بۆ هەر یەک لە $TSS$ , $BOD_5$، زیاتر نەبێت لە ( ١٠ ملی گرام / لتر) .

( أ- ٢ ) تێکرای هەفتانە بۆ هەر یەک لە $TSS$ , $BOD_5$، زیاتر نەبێت لە ( ١٥ ملی گرام / لتر) .

ب- ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو بە پاک ئەژمار دەکرێت بە پلەی ناتوشکەر و گونجاو بۆ ئەوەی ئاودێری بێ سنور بەکاربهێنرێت، ئەگەر بەرزترین ژمارەی چاوەڕوانکراو MPN بۆ کۆلیفۆرمی پیسایی لە ٢,٢ دانە بۆ هەر ( ١٠٠ مللتر ) زیاتر نەبێت یان ( هێندەی بێت بە پێی ڕیگە کانی دیکەی پێوانەکردن ) وەک لە ئەنجامی پشـــکنینی بەکتریا لە ماوەی هەفتەیەکدا دیاری کراوە، هەروەها زیاتر نەبێت لە (٢٣) دانە بۆ هەر ( ١٠٠ مللتر ) لە هەر نموونەیەک ( یان هێندەی بێت بە پێی ڕێگەکانی پێوانەکردن )،

(+) کەمتر نەبێت لە (٠,٢ مللی گرام / لتر ) لەحالەتی بەکارهێنانی کلۆر بۆ پاکژکردنەوە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

ســـتانداردەکانی ئاوی ئاوەڕۆی چارەســـەرکراوی پڕۆژەکان کە بەکاری ناهێننەوە بۆ ئاودێری و دەچێتە ئاوی ئاوەڕۆی گشتی یان سەرچاوە ئاویەکان:

| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر (أ) | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر (ب) |
|---|---|---|---|
| تـایبەتمەنـدییە سـروشـتیەکان کـیـمـیـایـی و فیزیاوی | سەرئاوکەوتووەکان | خاڵی بێت | خاڵی بێت |
| | ماددەڕەقە هەڵواسراوەکانTSS | 60 | 250 |
| | پلەی گەرمی Temperature | کەمتر لە ٣٥ پلەی سەدی | کەمتر لە ٣٥ پلەی سەدی |
| | بۆن | قبوڵکراو بێت | قبوڵکراو بێت |

| | ڕەنگ | یەکەی ڕەنگ10 | یەکەی ڕەنگ10 |
|---|---|---|---|
| | pH | 5.9 – 6 | 5.9 – 6 |
| | کلۆراید | 600 | 600 |
| | گۆگردات $SO_4$ | 400 | 400 |
| | فۆسفات$PO_4$ | 5 | 10 |
| تایبەتمەندی کیمیایی ئۆرگانی | بایۆ ئۆکسجینی بەکاربراو$BOD_5$ | 40کەمتر لە | ماددەی(9) |
| | پێویستی ئۆکسجینی کیمیایی COD | 100 کەمتر لە | ماددەی(9) |
| | OIL and grease ڕۆن و چەوری | 7 | 10 |
| | کۆمەڵەی هایدرۆکاربۆنەکان و لێوەرگیراوەکانی ( هایدروکارون و مشتقاتەکانی) | 5 | 10 |
| | phenolفینۆڵ | 0.05 -٠,٠١ | 10 |
| تایبەتمەندی کیمیایی | Total nitrogen نایترۆجینی گشتی | 10 | 10 |
| | $NO_3$ نیترات | 50 | 50 |
| | DTT pesticidesقرکەری | 0 | 0 |
| | Pbقورقوشم | 0.1 | 0.1 |
| | AS ئارسنیک | 0.05 | 0.05 |
| | Cuمس | 0.2 | 0.2 |
| | Ni نیکل | 0.2 | 0.2 |
| | Se سیلینیۆم | 0.05 | 0.05 |
| | Hg جیوە | 0.005 | 0.005 |
| | Cd کادمیۆم | 0.01 | 0.01 |
| | Zn زینک | 2.0 | 2.0 |
| | Cr کرۆم | 0.1 | 0.1 |
| | Al ئەلەمنیۆم | 5 | 20 |
| | Ba باریۆم | 4 | 4 |
| | B بۆرۆن | 1 | 1 |
| | Coکۆبالت | 0. 5 | 0. 5 |
| | Feئاسن | 2.0 | 15 |
| | Mn مەنگەنیز | 0.5 | 0.5 |
| | Ag زیو | 0.05 | 0.05 |
| | Fفلۆراید | 5.0 | 10 |

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٥٩ لە ٢٠٢٤/١/١٦**

**بڕیار**

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/١٥) بەستترا بە شێوەی (ئۆنلاین ) بە مەبەستی پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوک /گەرمیان کە پێشنیار کراوە لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک /گەرمیان بە نووسراویان ژمارە (٨٩لە ٢٠٢٤/١/١٥) دوای دیراسەتکردنی بابەتەکە وە پشت بە حوکمی مادده (١٩/دووەم) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،بە کۆی دەنگ بڕیاردرا بە :

- پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوک/گەرمیان وە دەسەڵات درا بە (سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک /گەرمیان) بە دیاری کردنی تایبەتمەندی جۆری (الاختصاص النوعی) ئەم دادگایە .
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیزحسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**
**ژمارە: ٦١ لە ٢٠٢٤/١/١٧**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

ئاماژە بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٥١١٧) لە ٢٠٢٣/١١/١٢ بڕیارماندا بە:

- هە ڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بەکاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان ، کە لە ژمارە (٣٠٥)ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٢ بڵاوکراوەتەوە .
- کار بە ڕێنمایی پێشوومان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ (ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوینسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان ) بکرێت .
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی ٢٠٢٤/١/٢ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**حەمەی حەمە سەعید**
**وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٣٥٣٧ لە ٢٠٢٣/١٢/٢٠**

**بەیـانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشــت بەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە یاســای وەزارەتی کشــتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ســاڵی ٢٠١٠ و ماددەی (٨)ی یاسـای کەرەنتینی کشـتوکاڵی ژمارە (١٧)ی سـاڵی ١٩٦٦ لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

١-هەموارکردنەوەی خاڵی هەشــتەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ســـاڵی ٢٠١٣ تایبەت بە ڕێکخســـتنی گواستنەوەی پێداویستیەکشتوکاڵیەکان بۆ پارێزگاکانی هەرێم.

**هەشــتەم: گواســتنەوەی هە نگ و بەرهەمی هەنگوین:** قەدەغەکردنی هاوردەکردنی (هەنگوین بە شانەوە ، شلخە (الطرود) بەهەموو شێوەکانیەوە ، بەستەکراویش (مرزوم).

٢-ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێدەکرێت وە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تـــاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٥٨ لە ٢٠٢٤/١/٤**

**بەیـانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٤٢) لە ٣ /٦/ ٢٠٢٢ و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

١- کردنەوەی (استحداث) بەرێوەبەرایەتی باخداری لە ناو بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی ڕاپەرین.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێدەکرێت وە لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تـــاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**
**ژمارە: ٥٧٨ لە ٢٠٢٤/١/١٧**

**بەیانی**

**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (١) بڕگەی هەشتەم و بڕگەی (١١) لە ماددەی (٤) لە یاسای بە ڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار کەلەپوور ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ ، وە پاڵپشت بە ڕاپۆرتی لیژنەی هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری دهۆک بڕیارماندا بە :

- کەلەپوور ناساندنی (قەسرا دلبێ ) لە گوندی دلبێ سەر بە ناحیەی فایدە/قەزای سیمێل لە پارێزگای دهۆک لەبەر ئەوەی بەهایەکی مێژووی و بیناسازی و گەشتیاری هەیە .
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**
**ژمارە: ٥٧٧ لە ٢٠٢٤/١/١٧**

**بەیانی**

**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

ئاماژە بە بڕیاری کۆبونەوەی ژمارە (١٢١)ی ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٢٣/١٢/٦ ) بە ژمارە (٢٣٣) لە ٢٠٢٣/١٢/٦ بڕیارماندا بە :

- لێخۆشبوون و داشکاندن بە ڕێژی (١٥%) لە دانەوەی قەرزی هاوبەشەکانی کرێی ئاو لە هەرێمی کوردستان
- جێبەجێ کردنی بۆ ماوەی (٣) مانگ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەیانە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاســـای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ســـاڵی ٢٠٠٧، و پاڵپشـــت بە نووســـراوی ئەنجومەنی وەزیران / ســـەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٦١٤٨ )لە ٢٠٢٣/١٢/١٠ بڕیارماندا بە :-

١-هێنانەکایەی (استحداث)کردنی (ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو ( ٧٢) کاتژمێری لە سۆران) بە مەبەســتی زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان لە ڕووی کە مکردنەوەی مەترســیەکان لە ســەر ئافرەت و خێزان و هاوکاربوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

٢-ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاســـای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندابە:

١-هێنانەکایەی (اســتحداث ) کردنی هۆبەی ڕاهێنانی پیشــەیی لە کفری ســەر بە بەڕێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی گەرمیان سە ر بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروە ستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبە ستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو دەڤەرە .

٢-ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێکهێنراو بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٨٠٨٦ ) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥ بریارماندا بە:-

١- هەڵوەشانەوەی هە ر دوو بەیانی ژمارە (٥) لە ٢٠٢٣/٦/٨ و ژمارە (٦) لە ١٣ /٢٠٢٣/٧ وەزارەتمان تایبەت هێنانەکایەی (استحداث ) کردنی هۆبەی (پاراستنی منداڵ – حماية الطفل ) لە دیوانی وەزارەت وە هەروەها هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی منداڵان لە پارێزگای دهۆک سەر بەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەکۆنووسی لیژنەی پێکهێنراو بە فەرمانی وەزارەیمان ژمارە(٨٠٨٦) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥ بڕگەی(٢،٣) بڕیارماندا بە هێنانەکایەی (استحداث)کردنی .

١- پاراستنی منداڵ لە بەرێوەبەرایەتی بۆ (بەش) بەرێوەبەرایەتی پاراستنی منداڵ دیوانی وەزارەتمان .

٢- بەشی پاراستنی منداڵ لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (هەولێر-دهۆک-سلێمانی-گەرمیان-هەڵەبجە)و بەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (سۆران-زاخۆ-ڕاپەرین)بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی منداڵان .

٣-ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەشی (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی) لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ سەربە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زاخۆ بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لەو دەڤەرە .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :

١- لکاندنی سەنتەری پارا ستن و چاڵاکی منداڵانی بازیان بە بە شی پارا ستنی منداڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١٢)ساڵی (٢٠٠٧) بریارمادا :-

١- هێنانە کایەی (استحداث) کردنی خانەی (٠-٤) لە بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سەر بە بەرێوە بەرا یەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆ مەڵا یەتی هەولێر بە مە بەستی زیاتر خزمەتکردنی منداڵان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٦٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ئەم هۆبەی ( ١- ژمێریاری ٢- ووردبینی ) لە بەرێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی، سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی زاخۆ .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١٢/١٩.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی یەکەی (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان) لە ناو بنکەی تەندروستی زانکۆ سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/١/٢.

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی گورگەدەر) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/١/٩.

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی نەخۆشخانەی (نەشتەرگەری سوتان و ڕێککاری) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/١/١٧.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وزارة التخطيط**
**رقم: ١٢٠ في ٢٠٢٤/١/٢٢**

## تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤
## تعليمات تعديل تعليمات تنفيذ التعاقدات الحكومية
## رقم (٢) لسنة ٢٠١٦

**المادة (١):**

**أولاً:** تعدل المادة (١) من التعليمات بإضافة بند إليها ويكون تسلسله (١٠)، ويعاد ترتيب تسلسل البنود بعده ويقرأ كالآتي:

١٠- **مديرية التعاقدات الحكومية:** مديرية التعاقدات الحكومية التي تشكل في الوزارات والمحافظات والإدارات المستقلة وفق أحكام هذه التعليمات.

**ثانياً:** تعدل المادة (١) من التعليمات بإضافة بند إليها ويكون تسلسله (٢٦)، ويقرأ كالآتي:

٢٦- **المناقصات المتشابهة:** (الشراء المشترك joint procurement)، شراء السلع أو الخدمات المتشابهة المطلوبة من قبل عدد من المديريات العامة المختلفة في سلطة تعاقد أو التي تطلبها عدة مؤسسات مختلفة داخل الحكومة).

**المادة (٢):**

تعدل المادة (4) من التعليمات بإضافة ثلاثة بنود إليها ويكون تسلسلها (خامساً) و (سادساً) و (سابعاً)، وتقرأ كالآتي:

**خامساً:** على سلطة التعاقد في كل وزارة أو جهة غير مرتبطة بوزارة إعداد خطط مسبقة لتوفير الخدمات أو السلع وتنفيذ مشاريع الأعمال، وإرسالها كل (٣) ثلاثة أشهر إلى مديرية التعاقدات الحكومية في تلك الوزارة أو قسم التعاقد في الجهة غير المرتبطة بوزارة.

**سادساً:** لمديرية التعاقدات الحكومية القيام بما يأتي:

أ- إجراء المناقصات المتشابهة (الشراء المشترك joint procurement) بحزمة واحدة وإجراء عملية التعاقد بالنيابة عن سلطات التعاقد.

ب- تحديد أسلوب التعاقد لسلطات التعاقد وفقاً لأحكام هذه التعليمات.

**سابعاً:** على مديريات التعاقدات الحكومية في الوزارات، عند الطلب منها، رفع تقاريرها الخاصة بعمليات التعاقد إلى مجلس الوزراء. ويصدر مجلس الوزراء توجيهاته لمديريات التعاقدات الحكومية فيما يتعلق بالمناقصات المتشابهة (الشراء المشترك joint Procurement). ويكون تنفيذ إجراءات التعاقد للمناقصات المتشابهة إما في مكتب رئيس الوزراء أو يحال إلى الوحدة الأكثر إنفاقاً في مجال التعاقد).

**المادة (٣):**

تعدل المادة (20) من التعليمات بإضافة بندين إليها يكون تسلسلهما (رابعاً) و (خامساً)، وتقرآن كالآتي:

**رابعاً**: في المناقصـــات التي تزيد كلفتها التقديرية على (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) مائة مليون دينار، يجب تحديد أسـلوب التعاقد من قبل مديرية التعاقدات الحكومية المعنية بموجب أحكام هذه التعليمات، باسـتثناء تلك التي تنفذ بأسلوب المناقصة المفتوحة.

**خامســـاً**: عند تقديم طلب الصــرف عن طريق نظام الإدارة المالية لكوردســتان (KFMS)، يجب على وحدات المحاسـبة اسـتشـارة مديرية التعاقدات الحكومية المعنية لغرض تحديد أسـلوب التعاقد وفقاً لأحكام هذه التعليمات).

**المادة (٤):**

تعدل المادة (67) من التعليمات، وتقرأ كالآتي:

**أولاً:**

أ- تستحدث مديرية التعاقدات الحكومية في كل وزارة ومحافظة وإدارة مستقلة.

ب- يستحدث في سلطات التعاقد الأخرى، ووفقاً لاحتياجاتها، قسم للتعاقدات الحكومية.

ج- يجب على سـلطات التعاقد أن تقوم بتوفير موظفين مؤهلين ومختصـين ومدربين وفق أحكام البند (سادساً) من المادة (٧٠) من هذه التعليمات لتلك المديريات أو الأقسام.

د- لمديرية التعاقدات الحكومية في وزارة التخطيط إعفاء سـلطات التعاقد من اسـتحداث المديريات أو الأقسام المنصوص عليها في الفقرتين (أ) و(ب) من هذا البند عند انتفاء الحاجة لذلك.

**ثانياً**: مهام مديريات وأقسام التعاقدات الحكومية:

أ- على دوائر التعاقدات الحكومية المنصــوص عليها في الفقرتين (أ) و (ب) من البند (أولاً) من هذه المادة، إدخال عقودها في وحدة العقود (Contracts Module) في نظام الإدارة المالية لكوردسـتان (KFMS) خلال شهر واحد من تأريخ توقيعها .

ب- تقوم مديرية التعاقدات الحكومية بتوحيد نشــاطات التعاقد في الوزارة أو المحافظة أو الإدارة المستقلة إذا كان ذلك مناسباً.

ج- تقوم مديرية التعاقدات الحكومية بتنفيذ المناقصـــات المتشـــابهة (الشــراء المشــترك joint procurement) في الوزارة أو المحافظة أو الإدارة المســتقلة بالنيابة عن أية ســلطة تعاقد أخرى. ويشـمل ذلك جمع وتوحيد المواصـفات وصـياغة وثائق المناقصـات و إجراءات التعاقد وكذلك إدارة عملية التعاقد.

د- دعم لجان تقييم العطاءات بخدمات السكرتارية الضرورية، وكذلك توفير الخبرة الفنية الضرورية عند الحاجة إلى تلك الخبرات أثناء تقييم العطاءات.

**المادة (٥):**

تعدل المادة (71) من التعليمات، وتقرأ كالآتي:

لضمان تأمين المراجعة الإدارية المستقلة لشكاوى مقدمي العطاءات وفقاً للمادة (٦٦) من هذه التعليمات:

**أولاً:** يُشكل (مجلس مراجعة شكاوى التعاقد-مجلس المراجعة) من قبل مجلس الوزراء برئاسة أحد موظفي الحكومة من ذوي الخبرة في مجال التعاقدات، وتكون العضوية فيه كالآتي:

أ- موظفان حكوميان من ذوي الخبرة في مجال التعاقدات يحددهما مجلس الوزراء، ويكون أحدهما مقرراً لمجلس المراجعة.

ب- ممثل عن اتحاد مقاولي كوردستان.

ج- ممثل عن المنظمات غير الحكومية يتم ترشيحه من قبل المنظمات المتخصصة في قضايا الحوكمة أو مكافحة الفساد أو قضايا التنمية المستدامة.

**ثانياً:** تقدم كل من الجهات المذكورة في الفقرتين (ب) و (ج) من البند (أولاً) من هذه المادة السير الذاتية لمرشحين اثنين.

**ثالثاً:** يكون لمجلس المراجعة سكرتير من بين موظفي مديرية التعاقدات الحكومية في وزارة التخطيط يتم ترشيحه من قبل مدير التعاقدات الحكومية ويوافق عليه وزير التخطيط.

**رابعاً:** تكون مدة رئاسة وعضوية مجلس المراجعة سنتان قابلة للتجديد لمرة واحدة.

**خامساً:** تصرف لرئيس وأعضاء وسكرتير مجلس المراجعة مكافأة مالية يحددها مجلس الوزراء.

**المادة (٦):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذه التعليمات.

**المادة (٧):**

تنفذ هذه التعليمات بعد إنقضاء مدة (60 يوم) من تأريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. دارا رشيد محمود**
**وزير التخطيط**